**١٣٨٧/٦/٢٤**
**2008-09-14**

# راگەیەندراوی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژێراوی کونگرەی چواردەهەم بە بۆنەی کۆتایی هاتنی کۆنگرە

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!

لایەنگرانو ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

خۆشحاڵین کە بە ئاگاداری هەموو لایەك بگەیەنین کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران سەعات ٤ی دوای نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ٢٠ی خەرمانانی ١٣٨٧ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٠ ی سپتامبری ٢٠٠٨ی زایینی کونگرەی چواردەهەمی خۆی بە بەشداری ئەندامانی ڕێبەرایەتیو نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ئەندامانی حیزب پێکهێناو پاش ٤ ڕۆژ کاری بەردەوام نیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە ٢٤ی خەرمانان کۆتایی بە کارو بەرنامەکانی کونگرە هێنا.

کونگرەی چواردەهەمی حیزب لە هەلو مەرجێکی تایبەتی سیاسی لە ڕادەی جیهانیو ناوچەییدا بەڕێوەچوو، هەر بۆیە مەسەلە گرینگەکانی پێوەندیدار بەم هەلومەرجە کە لە ڕاپۆرتی سیاسی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەدا ئاماژەیان پێدرابوو باسو لێکدانەوەیان لە سەر کراو بە شێوەیەکی وردو دوربینانە لە لایەن بەشدارانی کونگرەوە تاوتوێ کرا، بە شێوەیەك کە کەشو هەوای کونگرە فەزایەکی بە تەواوی سیاسیو لەبارەوە کەم وێنە بوو.

بەشداری چالاکانەو تامەزرۆیانەی بەشدارانی کۆنگرە لەو باسو بابەتانەدا بە ڕادەیەك بەر چاو بوو کە دەکرێ بە بەراورد لە گەڵ کونگرەکانی پێشوو بە نموونە دابنرێ.

ئەو ڕاپۆرتە سیاسیە پاش دوو ڕۆژ باسو نەزەردانو دەوڵەمەندتر کردنی بە تێکرای دەنگ لە لایەن کۆنگرەوە پەسند کرا.

خاڵێکی دیکەی بەرنامەی کاری کۆنگرە پێداچوونەوە بە بەرنامەو پێرەوی نێوخۆیی حیزب بوو کە پێشتر گەڵاڵەکەی ئامادەو لە ئیختیاری نوێنەرانی کۆنگرە نرابوو. ئەو گەڵاڵەیە پاش بیروڕا دەربڕینی بەشدارانی کونگرە بە دەسکاریو ئاڵو گۆڕەوە پەسند کرا.

کۆنگرە بە لەبەر چاو گرتنی ئەرکو بەرنامەکانی داهاتووی حیزب ناوی "کۆنگرەی گەشە کردنو بە جەماوەریتر کردنی خەبات"ی بۆ چواردەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەسند کرد.

Democratic Party of Iranian Kurdistan

Central Committee

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کومیتەی ناوەندی

لە برگەیەکی دیکەی کاری کۆنگرەدا هەڵبژاردن لە نێو کاندیدا تۆرەکانی ئەندامەتی کومیتەی ناوەندیو جێگرەکانی کومیتەی ناوەندیدا بە شێوەیەکی دیموکراتیكو سەردەمیانە بەرێوەچوو لە ئاکامدا ئەندامانی کومیتەی ناوەندیو ئەندامانی جێگری کومیتەی ناوەندی بە دەنگی بەشدارانی کۆنگرە هەڵبژێردران.

لە رەوتی بە رێوەچوونی بەرنامەکانی کاری کونگرەدا دەیان پەیامی پیرۆزباییو پشتیوانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە لایەن رێکخراوو حیزبو کەسایەتیە سیاسیەکانی کوردو ئێرانیو خاریجی بە کۆنگرەی گەیشتبوون خوێندرانەوە. هەروەها کۆنگرە چەند پەیامی تایبەتی ئاراستەی بنەماڵەی شەهیدان، زیندانییە سیاسیەکان، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، ئەندامان، کادرو پێشمەرگەکانی حیزب، شورای مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، لاوان، ژنان، خوێندکارانو کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ کرد. کونگرە لە رۆژی کۆتایی کارەکانی خۆیدا راسپاردەو رێنوێنی خۆی بۆ رێبەرایەتی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی چواردەهەمی حیزب گەڵاڵە کردو جێبەجێکردن یان هەوڵدان بۆ ئەنجامدانەکەی پێ ئەسپارد.

کونگرە پاش ئەوەی هەموو ئەرکە دەست نیشانکراوەکانی بەجێ گەیاند بەیانی رۆژی یەکشەممە ٢٤ی خەرمانان کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

کومیتەی ناوەندی هەڵبژێراوی کونگرەی چواردەهەمی حیزب کۆنگرەی گەشەکردنو بە جەماوەریتر کردنی خەبات، رۆژی یەکشەممە پاش کۆتایی کاری کۆنگرە لە دانیشتنێکی کورتدا هاورێی بەرێز کاك مستەفای هیجری بە تێکرای دەنگی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی بە سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژاردو ئەم هەڵبژاردنەی بە ئاگادرای ئەندامانی کونگرە گەیاند کە لەگەڵ پێشوازی گەرمی بەشداران بەرەوروو بوو. بەرێز سکرتێری گشتی لە وتارێکدا کە لە کۆبوونەوەی بەشدارانی کۆنگرەدا لە پێوەندی لەگەڵ هەڵبژێرانی بە سکرتێری گشتی حیزبدا سوپاسی ئەندامانی کونگرەو هەموو ئەوانەی کرد کە بە جۆرێك لە ئیدارەو بەرێوەبردنو دابینکردنی ئەمنیەتی شوێنی کونگرەدا بەشدار بوون. سکرتێری گشتی هەر لەو وتارەیدا جارێکی دیکە پێ لەسەر بەرەوپێش چوونی حیزبو گەشەکردنی خەبات داگرتەوە. پێویستە بگوتری کە بەڵگەنامەکانی کونگرەی چواردەهەمی حیزب لە داهاتودا لە رێگای دەزگاکانی راگەیاندنی حیزبەوە بڵاوو هەموولایەکی لێ ئاگادرا دەکرێتەوەە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کومیتەی ناوەندی

هەڵبژێراوی کونگرەی چواردەهەمی حیزب